# لەهێڵی چاوەڕوانی دا



ســـــاردین ـ سوید
sardeen1997@hotmail.com

هۆما گوڵەکەم...؟
هێڵە هاوتەرییەکان ناگەنە یەك
من و تۆش
من دەڵێی مانگی شەوێکی هاوینم
تۆش بەیانی
من فرمێسکی بەفرینی ئەستێرە
تۆش هیوای ناو دڵی ژیانی
هۆما دڵەکەم...؟
خوێنی من شەونمی شەوێکی ئەبەدی ژیانە
خوێنی تۆش وەکو ڕۆژ بەگەرمی و لە سەرخۆ
دەشتایی تەمەنم دەکاتە یەك پارچە گوڵاڵە
هۆماکەم...؟
درەنگ ئاشنایی یەکدی بووین دەبووا
پێش ئەوەی
من چاوم بەشینایی ئاسمان کەوتبا تۆم نا سیبووایە

پێش ئەوەی شەو داهتبا
من رۆژی خۆشەویستی تۆم بە سنگی خۆمەوە کردبایە
پێش ئەوەی هاو تەرییووان
یەك هێڵ بووایین
_ یەك هێڵ _

## دیـــدار

هۆماکەم..!
کەهاتیت نزرگای عەشقم کەلاوەیەك بوو
تۆیش ئاوەدانیت هێنا
ئای کە نازانی یەکەم نیگات چی
بەسیمفۆنیای بەخشندەی روحم دا...
دێر زەما نێکە دارستانی ئەم دڵە
بەدەم رەشەبای تەنیاییەوە
گۆرانی بۆ خەزان دەچڕێ...
بـــــــەڵام...
بەها تنت و
بەدیـــدارت چرۆی هــــــــەزاران
حەزو تاسە لەناخمدا پشکۆت...

هۆما=جۆرە باڵندەیەکی ئەفسانە یە خۆشی یاخود بەختیاری بۆ مرۆڤ دێنی